فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان گەشتەکی ئاسمانی دەکات بۆ ئاشنابوون بە هێزی سەرساری ستەاتیژی



فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محمد شیاع سودانی ئەمڕۆ دووشەممە گەشتەکی مەیدانی و ئاسمانی کرد بەمەبەستی بینینی هێزی دژی سەرساری ستەاتیژی کەلە بیابانی سەلاحەدینەوە تاکو ڕۆژاوای نینەوا درێژە دەکەشێت.

لە بەیاننامەی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیراندا هاتووە " فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محمد شیاع سودانی گەشتەکی ئاسمانی ئەنجامدا بۆ بینینی هێزی دژی سەرساری ستەاتیژی کەلە بیابانی سەلاحەدینەوە تاکو ڕۆژاوای پارێزگای نینەوا درێژە دەکەشێت.

وتیشی کە لەسەردانەکەدا سەرۆک وەزیران بارەگای فەوجی یەکەم ، لیوای 91 ی فیرقەی 21/ی سوپای عەراقی وهێندێک لە هێزو پێگەکانی سوپا بەدرێژایی هێڵەکو بارەگای لیوای 44/ حەشدی شەعبی (لیوای هەوادارانی مەرجەعیەت)ی لەناوچەی حەزەڕە بەسەرکردەوە، کەدەکەوێتە باشووری ڕۆژاوای پارێزگای نینەوا.